زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین ٦٥

نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار
کە بە لاشەی مرۆڤی بەخشیوە

ئامادەکردنی
باوکی عبداللە برادۆستی

پێداچونەوەی
م. هەڵگۆرد مصطفی گەڵاڵەیی

کتێبخانەی دێرین
07504128220

ژمارەی مۆڵەت ١

پێشەكی

الحمدلله رب العالمين وسلام على نبينا محمد ﷺ وعلى آله وصحبه وسلم.

خودای پەروەردگار لە سوڕەتی (ابراهيم) ئایەتی (٣٤) دەفەرمویّت: ﴿وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا﴾ النحل:١٨، **واتە: ئەگەر ئێوە نیعمەتەكانی خوای پەروەردگار بژمێرن ئەوا ناهێتە ژماردن.**

بەلاّم هەرچەندە نیعمەتەكانی خوای پەروەردگار ناژمێردرێن بەلاّم بە ئیزنی خودای پەروەردگار لێرەدا باسی چەند نیعمەتێك دەكەم بۆ ئەوەی ببێت بە سوپاس كردنی خودای پەروەردگار لەسەر ئەم نیعمەتانە و موسوڵمانان سودی لیٚ وەربگرن.

یەكەم: نیعمەتی ڕووكەش:

١) چاوەكان: چاوەكان یەكێكن لە نیعمەتەكانی خودای پەروەردگار كە بە مرۆڤی بەخشیوە، بەلاّم بیٚ گومان مرۆڤ پیٚ تاقی دەكرێتەوە كە چاكەی پیٚ دەكات یان (تەماشای ئافرەتان و نەزەری پیٚ دەكات).

٢) گوێیەكان: ئەمەش یەكێكی ترە لە نیعمەتەكان و مرۆڤی پیٚ تاقی دەكرێتەوە كە گویٚ دەگرێت لە (قورئان و چاكەی پیٚ دەكات) یان گویٚ شل دەكات لە (غەیبەت و گۆرانی و بیٚ فەرمانی خوا).

٣) لوت: وە ئەمەش یەكێكی ترە لە نیعمەتەكان كە مرۆڤ هەناسەی پیٚ دەدات، وە لەناو لوتیش موو هەیە كە ئەویش یەكێكی ترە لە نیعمەتەكانی خوا، كە هەوای سارد شێدار دەكات بۆ ئەوەی زیان بە سیەكان نەگات، ئەمانەش هەمووی بە فەرمانی خوای پەروەردگار كار دەكەن، سوپاسی خودا بكە لەسەری.

٤) زمان: وە یەكێكی تر لە نیعمەتەكان كە چاكە و خراپەی پیٚ دەكرێت، نموونە بۆ چاكە ئەوەیە كە مرۆڤ (زیك ربكات و ئەمر بكات بە چاكە و نەهی بكات لە خراپە) وە لەبەرامبەر ئەمەشدا خراپە هەیە كە (مەعصیەتی خودا بكات و ئەمر بكات بە خراپە و

نەهی بكات لە چاكە ... هتد) یەك نموونە بەسە بۆ مرۆڤی ژیر بۆ ئەوەی پەندی لێ وەربگرێت، بۆیە یەك نموونە كیفایەتە.

٥) دەست و پەنجەكان: ئەمەش نیعمەتێكی ترە كە مرۆڤ چاكە و خراپەی پێ دەكات وەكو (صەدەقە و دزی كردن) وە لە نیعمەتەكانی پەنجەش ئەوەیە كە هەندێكیان كورتن وە هەندێكیان درێژن، ئەمەش بۆ ئەوەیە كە مرۆڤ بیان نوشتێنێتەوە هەموویان دەبن بە یەك قیاس و رێك دەبن، نموونەش بۆ زیاتر تێگەیشتن ئەوەیە ئەگەر هاتبا و لە ئەصڵدا مرۆڤ پەنجەكانی وەكو یەك بوایە ئەوا نەی دەتوانی بە ئاسانی شتەكان بگرێت بە دەست، بۆ نموونە(پەرداغ) چونكە لەكاتی گرتنی بە دەست ئەوا پەنجەكانی هەندێكی كورت دەبوون وە هەندێكیشیان درێژ دەبوون بۆیە شتەكەی لە دەست دەكەوتە خوارەوە، جاب ۆ سوپاسی خودای پەروەردگار ناكەیت كە تۆی و منی بەو شێوە جوانە و رێكە دروست كردووە، هەروەكو دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ التين:٤، واتە: بەڕاستی ئێمە مرۆڤمان دروست كرد بە جوانترین شێوەو رێك و پێك ترین شێواز لە هەموو ڕوویەكەوە.

٦) قاچەكان: ئەمەش یەكێكی ترە لە نیعمەتەكان كە مرۆڤ چاكە و خراپەی پێ دەكات، بۆ نموونە: (چون بۆ مزگەوت، یاخود چون بۆ شوێنە حەرامەكان).

دووەم: نیعمەتەكانی ناوەوەی لەش:

١) دڵ: دڵ نیعمەتێكی ترە لەناو نیعمەتەكان كە لە شێوەی مشتەكۆڵە وایە، وەكو مزەخەیەك كار دەكات و باشتر لە مزەخەش كە پێك دێ لە چەند دەرچەیەك و دەماری خوێن بەر بۆلەش وە دەماری خوێن هێنەر بۆ دڵ ئەمەش ئەوەیە كاتێك خوێن دەنێرێت بۆ لەش خوێنێكی پاك و خاوێن و تێر ئۆكسجینە چونكە لەش پێویستی بە خۆراكە بۆیە خاوێن و تێرە لە ئۆكسجین، بەڵام لەكاتی گەڕانەوەی خوێن بۆ ناو دڵ خوێنێك دێنێ تكە دوانۆكسیدی كاربۆنی تێدایە، خوێنە تێر ئۆكسجینەكە وزە دەدات بە لەش، نیعمەتێكی

تری ئەوەیە کە گوێمان لە دەنگی دڵ نابێت بە ئاسانی و ئەزیەت مان بکات.

٢) عەقڵ: چەندەها کەس دەبینین بێ عاقڵن و (شێتن) دەی با سوپاسی خودا بکەین کە ئێمە بێ بەش نەبووین لەم نیعمەتە، وە مرۆڤ دەبێ جیاوازی بکات لە (چاکە و خراپە) بۆ ئەوەی بەهەشتە نەبڕاوەکە بە دەست بهێنێت و چاکە بکات، کاتێك کەسێك خۆی دەسوتێنی بۆ خۆ کوشتن ئەوا ئەو کەسە عەقڵی بەکار نەهێناوە – یان بێ عاقڵە یان نەزانە یان کوفری نیعمەتەکانی خودای گەورە دەکات.

دووبارە دەڵێمەوە بەڕاستی نیعمەتەکانی خودای پەروەردگار ناژمێردرێن بەلاّم ئەمانەش مشتێك بوون لە خەرمانێك، تەماشای لاشەی خۆت بکە بزانە کە ساغ و سەلامەتی ئەمەش یەکێ:ی ترە لە نیعمەتەکان کە خودای گەورە بە هەمو کەسی نەبەخشیوە، من بینیومە و ڕەنگە تۆش بینیبیت دەوڵەمەند هەیە ناتوانی گۆشت بخوات، بۆ؟ لەبەر ئەوەی بۆ تەندروستیان خراپە بۆیە خۆیان دەپارێزن لەو شتانە بەلاّم با ئێمەش فکر بکەینەوە لەو کەسانە کە ئەو کەسانەمان بۆ ببێت بە پەند کە خۆیان دەپارێزن دەبا ئێمەش خۆمان بپارێزین لە ئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی مرۆڤ و بەردە.

وە سەرفرازترین کەس ئەو کەسەیە کە چاکە بە نیعمەتەکانی خودای پەروەردگار دەکات.

((لە کۆتایی دا))

خودای پەروەردگار ئەم بابەتە بکات بە تێشویەك بۆم لە قیامەت وە ببێت بە زیاد بوونی ئیمانی خوێنەر، وە پتەوکردنی ئیمانمان، چونکە بەڕاستی ئێمە ئەگەر بیر لە نیعمەتەکانی خودای پەروەردگار بکەینەوە ئەوا سوپاس و ستایشی خودای پەروەردگار دەکەین، وە دەڵێین خودا ئەم نیعمەتانەی بە ئێمە بەخشیوە، لەهەمان کاتدا زۆر کەس ئەم نیعمەتانەی پێ نەبەخشراوە، بۆیە با سوپاسی خودا بکەین لەسەر ئەم هەموو نیعمەتانە، بۆیە براکەم ئەم بابەتە فڕێ مەدە بیدە بە کەسێك با خێری بەردەوام بێت بۆ من و بۆ تۆش.